# چەمکی خۆپارێزیی کەمپوس ئەسول

کەمپوس ئەسول خوازیارە کە کەشێکی ئارام بۆ هەمووان فەراهەم بهێنێ. هەر بۆیە کەمپوس ئەسول چەمکی خۆپارێزی Schutzkonzept بۆ خۆی داناوە. چەمکی خۆپارێزی ئەوە ڕوندەکاتەوە کە تۆ دەتوانی چی بکەیت کاتێک لە ناو ئەم ڕێکخراوەدا بکەویتە دۆخێکی نەخوازراو و بێتاقەتکەرەوە، یان کاتێک شتێکی نەگوجاو بەرامبەر تۆ ڕویدا. لە دۆخێکی لەمجۆرەدا کەمپوس ئەسول دەیەوێت پابەندی چەند بەهایەک ببێت.

1

## تۆ دەتوانی چی بکەیت کاتێک سکاڵایەکت هەبێت؟

تۆ بەشداریی دەکەیت لە یەکێک لە گروپەکانی ئێمەدا، یاخود ئەندامی ڕێکخراوەکەمانی؟ یاخود تۆ کار بۆ ڕێکخراوەکە دەکەیت؟ تۆ لەوێدا ڕوبەڕوی شتێکی نەگونجاو دەبیتەوە، یاخود شتێک تۆ بێتاقەت دەکات؟ کاتێک هەست بە شتێکی لەمجۆرە دەکەیت، دەتوانی لەمبارەوە سکاڵا بکەیت. سکاڵاکەش دەتوانی بەمجۆرە بکەیت:

دەتوانیت سکاڵاکەی خۆت بەمجۆرە بنێریت :

·بە ئیمەیڵ سکاڵاکەت بنێریت بۆ ئەمیندار و کەسە بێلایەنەکانی ئێمە. کەسی ئەمیندار و بێلایەن ئەوانەن کە سەر بە هیچ لایەنێک نین. واتە ئەو کەسانە وەکو کەسێکی بێلایەن و بابەتیانە لە سکاڵاکەی تۆ دەکۆڵێنەوە. (ombudsteam@campus-asyl.de)

**کەسە بێلایەن و ئەمیندارەکانیش ئەمانەن:**

| | |
|---|---|
| Elisabeth Bauermann | elisabeth.bauermann@campus-asyl.de |
| Maen Soufan | maen.soufan@campus-asyl.de |
| Hermann Josef Eckl | hermannjosef.eckl@campus-asyl.de |

- ·یان سکاڵاکەت بە پۆست بنێریت بۆ نوسینگەی کەمپوس ئەسول، یاخود ئەو کەسە بێلایەنانەی کە ناویان هاتووە و ئەدرەسی : Bajuwarenstr. 1a, 93053 Regensburg
- . لەسەری بنوسیت و بیخەیتە سندوقی پۆستی کەمپوس ئەسولەوە لە Zeißstr. 9, 93053 Regensburg
- . یاخود دەتوانیت بە تەلەفۆن سکاڵاکەت بۆ نوسینگەی کەمپوس ئەسول باسبکەی کە ژمارەکەی 094156803419

دەشتوانیت سکاڵاکەت بە زمانی خۆت بنوسیت. ئێمە دواتر نوسینەکەت وەردەگێرین و ئەگەر پێویستی کرد ئەوا بۆ ئەو مەبەستە وەرگێرێک پەیدادەکەین.

2

## بەمشێوەیەش سکاڵایەک کاری لەسەر دەکرێت:

هەموو سکاڵایەک لەلایەن تیمێکەوە و دوو کەسی بێلایەن کاری لەسەر دەکەن. کاتێک تیمە بێلایەنەکە سکاڵاکەی تۆیان دەچێتە بەردەست، ئەوا ئاگادارت دەکەنەوە و ئەوەت پێڕادەگەێنن کە دواتر چی دەکرێت. ئەو کەسە بێلایەن و ئەمینانە بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن کە ئەگەر کەسی دیکە پێویست بکات بەشداری دانیشتن و کەیسەکە ببێت. بۆ نمونە بەشی ئەنجومەنی ئیدارە و نوسینگەی ڕێکخراوەکە، یان ڕاوێژکارەکان. بەڵام بە هەموو شێوەیەک کەمترین کەس ئاگادار دەکرێن لەسەر ئەو سکاڵایانە و زانیاری لەسەر کەسایەتی ئێوە هەر بە نهێنی دەمێنێتەوە.

دواتر کەسە بێلایەنەکان بەم هەنگاوانە هەڵدەستن:

- دانشتنێک ڕێکدەخەن بۆ هەردوولاتان، واتە تۆ و ئەو کەسەی سکاڵات لەسەری هەیە ئامادە دەبن. لەو دانیشتنەدا کەسە بێلایەنەکان هەوڵدەدەن دۆخەکە ڕونبکەنەوە.

- لە دۆخی دەستدرێژی سێکسیدا یان پەلاماردانیدا، ئەو حاڵەتانەی کە پەیوەندییان بە سزادانی یاساییەوە نییە، کەسە بێلایەنەکان کەیسەکەتان ئاراستەی بەشی دیکە دەکەن.

- لە دۆخی ئەو کەیسانەی کە سزای یاساییان لەسەرە کەسە بێلایەنەکان پۆلیس ئاگاداردەکەنەوە. هەروەها لەوبارەوە ئێوەش ئاگاداردەکەنەوە. لە دۆخی ئەوەی پەیوەندی بە منداڵ و مێرمنداڵەوە هەبێ، ئەوا بەرێوەبەرایەتی گەنجان Jugendamt لەوبارەوە ئاگادار دەکرێتەوە.